# نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ دانیشتوانی شاری کەرکوک

لە سەرەتای ئەم مانگەدا بە دەستپێشکەری هاوریٚ رەمەزان سایر لیٚپرسراوی کۆمیتەی حیزب لە شاری کەرکوک و کادران و ئەندامان و دۆستانی حیزب ( سەنتەری رۆشنبیری شاپۆر)یان کردەوە...

سەرەتا ئەوە جێگای داخ بوو کە من نەمتوانی لە رۆژی کردنەوەی سەنتەرەکەدا بەشداری بکەم و لەوێدا لەگەلٚ هاوریٚیان و دانیشتوی گەرەکی شۆرجەدا پیکەوە پیرۆزبایی لە دانیشتوانی شاری کەرکوک بکەین و شیرینی ومۆم و گولەکان بەدەستی خۆم ببەخشمەوە بەسەریاندا ، بەلاٚم لە هەمان کاتدا ئەوە جێگای شانازیٚیەکی گەورەیە بۆ من کە هاوریٚکانم ئەو کارە پر بایەخەیان ئەنجام دا....

سەنتەری رۆشنبیری شاپۆر ئەبێت رێك تەعبیر لە و کەسایەتیٚیە گەورەیە بکات کە شاپۆر توانی رۆل و نەخشی مێژوویی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریٚکاریٚدا بگێرێت، رۆلی بەرچاوی شاپۆر لە هیدایەت و رابەری کردنی بزووتنەوەی جەماوەری و ئاوارەکان و رێکخستنی خەلکیٚدا لە مێژووی بزووتنەوەکەماندا تۆمار کراوە ، رۆلێك کە ئەو بینی لە حیزب و بزووتنەوەکەدا مایەی شانازی منە کە شانسی ئەوەم پیٚ برا سەرەرای ئەوەی تەمەنێکی کەم پیکەوە ژیانی هاوسەریتیٚمان بردە سەر ،بەلام بۆ من پربایەخ و بەنرخ و پر ئەزموونە ....

ئیستاش هیوای گەورەم ئەوەیە کە دانیشتووی شاری کەرکوك بە تایبەتی گەرەکی شۆرجە ، ئەم سەنتەرە بەهیز بکەن و بیکەنە سەکۆیەك بۆ راگەیاندنی دەنگی پر ئیعتیرازیٚیان و هاتنەدی خواست و داواکاریٚیەکانیان ،چونکە هەموو ژیان و تەمەنی (شاپور) بۆ هاتنە دی جیهانێك بوو کە تیایدا بە هیچ چەشنە چەوساندنەوەو هەلاواردنێك قایل نەبوو ، بۆیە تەنها چارەشمان ئەوەیە کە رێگا مەزنەکەی ئەو تەواو بکەین بۆ هاتنە دی ئەو جیهانە ئازاد و یەکسانەی (شاپۆر ) و هاوریٚکانی لە ریگایٚدا گیانیان بەخت کرد ...

**قومری تەیب**
**کادری حیزبی کۆمۆنیتی کرێکاری عیراق**
2005-1-13